## تێستێکی ئاسایی ماوەی چارەسەرکردن بە ئەنتیبایۆتیك نیوە دەکات .

**لە توێژینەوەیەکی توێژیارانی** Universitet Hospital **ی شاری** Basel **سویسرا کە لە کۆنفرانسی** American Thoracic Society International **دا پێشکەشکرا ، پێوانی هۆرمۆنی** Procalcitonin **نیان وەك پێوەرێك بۆ دیاریکردنی بوونی باکتریا لە نەخۆشدا دیاریکرد . بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانرێت پێوانی هۆرمونی نێوبراو وەك پێوەرێك بۆ بەڕێوەبردنی ماوەی بەکارهێنانی ئەنتیبیۆتیکی سییەسۆدا بەکاربهێنرێت .**

**هۆرمۆنی نێوبراو پێوەرێکە کە باکتریا لە لەشی مرۆدا هەیە . لە کاتی هەوکردنە ڤایرۆسییەکاندا ئەم هۆرمۆنە زۆر بەرز نابێتەوە .**

**لە توێژینەوەکەدا کە** 300 **سیسەسۆداری لە خۆگرتبوو ئاماژەیان بەو راستییە کرد کە : نیوەیان ئەنتیبایۆتیکیان وەرگرت ، بەڵام گروپی دووەم خێرا تێستێکی ڕێژەی** Procalcitonin **یان بۆ ئەنجامدرا ، وەڵامی تێستەکان لە کاژێرێکدا دەرکەوتن .**

**لە** 15٪ **ی نەخۆشەکان ڕێژەی هۆرمونەکەیان نزم بوو لەبەرئەوە وەك سییە سۆیەکی ڤایرۆسی لە قەڵەم دران ، ئەوانی دی ئەنتیبایۆتیکیان وەرگرت . پاش** 4 ، 6 **و** 8 **رۆژ تێستی هۆرمۆنەکەیان بۆ دووبارەکرایەوە ، کاتێك ڕێژەی** Procalcitonin **نزم بووەوە ئەوسا چارەسەرکردنی ئەنتیبایۆتیکی وەستێنرا .**

**ئەنجامەکەشی بەم شێوەیە بوو :**

**لە یەکەم گروپەدا لە ماوەی** 6 **رۆژدا چارەسەر وەستێنرا ،**

**بەڵام لە گرووپی دووەمدا چارەسەرکردنەکە ئاسایی** 12 **رۆژی خایاند .**

**توێژیاران سەلماندیان کە بە هۆی ئەنجامدانی تێستی هۆرمۆنییەوە پزیشك دەتوانێت لە نیوەی چارەسەرکردندا دەرمان نەداتە نەخۆش بە مەرجێك کارنەکاتە سەر تەندروستی نەخۆش .**

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se 050530,© 13.38